# یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٣/١٩**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی برگەکانی «١و ٥»ی ماددەی پەنجاو شەشەمی یاسای ژمارە «١»ی سالّی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/٣/١٩دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرهێنا.

## یاسای ژمارە «١»ی سالّی ١٩٩٧
## یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

أ- ئەم خەرجیە بەردەوامانەی خوارەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ سالّی ١٩٩٧تەرخان دەکرێن کە ئەم بڕە پارانەن.
«٢،٢٨٥،٧١٧،٨٠٠»دینارو «١٧٠» هەزار دۆلاری ئەمریکییە.

ب - ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی فەرمانگەو کۆمپانیای کە خۆیان بەڕێوەدەبەن بۆ سالّی ١٩٩٧ تەرخان دەکرێن کە «٥٤٩،٧٦٨،٨٠٠» دینارە.

ج - بۆ بودجەی ئەخشەکێشانی گشتی سالّی ١٩٩٧ بڕە پارەی «٦٨٤،١٦٠،٠٠٠» دینار تەرخان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ سالّی ١٩٩٧، «١،٦٣٦،٠١٧،٤٩٢» دینار دەخەملّێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی دێتە دەستی پارەی ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەلات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ تا گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی یەک دەروازە بکات، جگە لە فەسلی مووچە، ئەویش دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە، بەلام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بکات، بەمەبەستی پاشەکەوت کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کەبڕیاری لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەلات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لە تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراوی سالی ١٩٩٧ بەرێژەی «١ ٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١ـ تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە لەو سالەدا دروست دەکرێن.

٢ـ تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سالی ١٩٩٧ ئامادە دەکات و بەپێی پارەی مووچەی پەسەندکراو لەبودجەدا پەسەندی دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ دانانی رادەی دەستەلاتی خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لەرۆژی (١/١/١٩٩٧)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**